Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.19626

# عێراقچێتی لە پەخشانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا (دەستپێك و سەرهەڵدان)

**امید رحیم شمس الدين**

بەشی زمانی کوردی ، کۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتیەکان ، زانکۆی گەرمیان

**پوختە**

ئەم توێژینەوە یەکەم هەنگاوی ئەکادیمییە بۆ لێکۆڵینەوە لە سەرەتای سەرهەڵدان و دەستپێکی دیاردەی (عێراقچێتی) و ڕەنگدانەوەی لە پەخشانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا پاش جەنگی یەکەمی جیهانی و بەراییەکانی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی پادشایەتی تا جاڕدانی بڕیاری کۆمەڵەی گەلان و بەستنەوەی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی عێراقەوە. توێژینەوەکە سەرجەم ڕۆژنامەنووسیی کوردیی نێوان ساڵانی (1918-1925ز) لە ناوچەی بەغدا و سلێمانی دەگرێتەوە و تیشك دەخاتە سەر چوار ژانری سەرەکی: وتار ، وتاربێژی ، ژیاننامە ، بەیاننامە.

***Article Info***

Received: January, 2019

Revised:February,2019

Accepted: February ,2019

***Keywords***

عێراقچێتی ، پەخشانی ڕۆژنامەنووسیی

***Corresponding Author***

omed.rahem@garmian.edu.krd

## پێشەکی

عێراقچێتی یان بەعێراقیبوون یان خۆ بەعێراقیکردن وەك دیاردەیەك پاش جەنگی یەکەمی جیهانی لە ئەدەبی کوردیی باشووری کوردستاندا سەریهەڵدا، ڕۆژنامەنووسیی کوردییش گرنگترین کەرەستەیە بۆ لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا، چونکە ڕاستەوخۆ و سەردەمییانە بەرهەمی نووسەرانی کورد و بیر و باوەڕ و چۆنیەتی تێڕوانینیان بۆ کێشەی باشووری کوردستان و هۆکارەکانی بەستنەوەی بە دەوڵەتی عێراقی پادشایەتیی ژێر دەستی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی دەخاتەڕوو.

گرنگیی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، کە بە پێچەوانەی توێژینەوەکانیتر تیشك دەخاتە سەر دەستپێکی دیاردەی عێراقچێتی لە پەخشانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، هەروەها چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەم بابەتە و گەشەکردنی لە حاڵەتەوە بۆ دیاردە و ڕەنگدانەوەی بە تایبەت لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی و دەبێتە بەڵگەنامەیەکی دکیۆمینتکاری، چونکە دەرخستنی ئەم دیاردەیە لە ڕێگای ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە گرنگی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە بەو پێیەی کە ڕۆژنامەنووسی تاکە بەڵگەنامەی ڕاستەقینەی پیشاندانی بیر و باوەڕی کوردە لە سنووری ئێستای عێراقدا و مێژووی ڕاستەقینەی ئەو بیر و باوەڕانە لە ڕێگای ژمارە و بەرواری دەرچوونی ڕۆژنامەکانەوە دەردەخات، کە لەو سەردەمەدا هیچ ئامرازێکی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە لە ناو کورددا نەبووە جگە لە ڕۆژنامەنووسیی نووسراو.

سنووری توێذینةوةكة ثةخشانی سةرجةم ئةو رِؤذنامة و طؤظارة كوردييانة دةطريَتةوة، كة لة بةغداد و سليَمانيدا وةكو ثيَشةنطی رِؤذنامةنووسيی كوردیی عيَراق و باشووری كوردستان

پاش جەنگی یەکەمی جیهانی تاکو جاڕدانی بڕیاری کۆمەڵەی گەلان (عصبە الامم) ساڵی 1925 بلاْوکراوەنەتەوە.

بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان ڕێبازی مێژوویمان پەیڕەوکردووە بۆ دەستنیشانکردنی مێژووی ڕاستەقینەی دەستپێك و سەرهەڵدانی دیاردەی عێراقچێتی لە ئەدەبی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا.

توێژینەوەکە لە پێشەکی و دەروازە و دوو تەوەر پێکهاتووە. دەروازەکە بۆ خستنەڕووی چەند زانیارییەکە لەبارەی دەستپێکی بابەتی عێراقچێتی لە شیعر و مێژووی کورددا. تەوەری یەکەمی توێژینەوەکە بۆ لێکۆڵینەوە لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی بەرەو بەعێراقیکردنی کورد لە ڕۆژنامەنووسیی کوردی و عەرەبی و وەلاْمدانەوەی ڕۆشنبیرانی کورد تەرخانکراوە. تەوەری دووەم تایبەتە بە خۆبەعێراقیکردنی کورد لە پەخشانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا. لە کۆتاییدا گرنگترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکانمان خستووەتەڕوو.

## دەروازە

دیاردەی ڕووکاری عێراقچێتی یان خۆ بەعێراقیکردنی کورد لە نووسین و هونەرەکانی پەخشانی کوردیدا سەرەتا لە ڕێگای ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە هاتۆتە ناواخنی ئەدەبی کوردی. ئەم دیاردەیە پێشتر بە شێوەی خۆ بەعەرەبکردنی کورد بەتایبەت لای چەند نووسەر و مێژوونووسێکی کورد دەرکەوتووە. مێژوونووسی کورد (شەرەفخانی بدلیسی) یەکەم کوردە لە کتێبی (شەرەفنامە)دا ڕەچەڵەکی کوردی بۆ عەرەب گەڕاندووەتەوە ((ئەو پێیوایە میرانی هۆزی (هەکاری) و هۆزی (شامبو) لە بنەماڵەی خەلیفەکانی عەبباسین و میرانی جەزیرەش دەچنەوە سەر خالیدی کوڕی وەلید)). هەروەها ((مەلا مەحمودی بایەزیدیش (1799-1867) لە دوو سەرچاوەی گرنگدا باس لە عەرەب بوونی ڕەچەڵەکی کورد دەکات)).

سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە باشووری کوردستانی ژێر دەسەلاْتی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی و دواتر حکومەتی عێراقی پادشایەتی ڕێگەخۆشکەربووە بۆ سەرهەڵدانی بیری خۆ بەعێراقیکردنی کورد وەکو حاڵەتێك، لە ئەنجامدا ئەم حاڵەتە بوو بە دیاردەیەك لە نووسینی ڕۆژنامەنووسیی کوردی یان لە شێوەی دانانی کتێبی سەربەخۆ بۆ پێشاندانی گرنگی ئەم دیاردەیە و بەستنەوەی داهاتووی کورد بە عەرەبەوە. برایەتی کورد و عەرەبیش بۆ یەکەمجار لە بەرگی کتێبێکی تایبەتدا لە ژێر ناونیشان (الاکراد و العرب)دا لە لایەن چەند نووسەرێکی کورد لە ساڵی (1937) دانراوە. لە باسکردنی ئەدەبی عێراقچێتی و برایەتی کورد وعەرەب و یەکگرتن و یەکخستنیان لە ئەدەبی کوردیدا چەند سەرچاوەیەکی کەم بەرچاو دەکەوێت لەوانە: 1-وتارێکی (حەمە بۆر - هۆشەنگ) لە پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق ژمارە (100)ی کانوونی یەکەمی ساڵی 1977. 2-کتێبە عەرەبییەکەی دکتۆر (کامل حەسەن عەزیز بەسیر) بە ناونیشان (الترابگ الفنی بین العرب و الاکراد فی قچیە الاخاو و السلام) لە ساڵی 1978. 3-کتێبە بەناوبانگەکەی (عەبدولسەتار تاهیر شەریف) لە ژێر ناونیشان (ڕەنگدانەوەی برایەتیی کورد و عەرەب لە ئەدەبی کوردیدا) ساڵی 1979. 4-وتارێکی (سەبری بۆتانی) لە پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق ژمارە (37)ی تەموزی ساڵی 1980. 5-لێکۆڵینەوەیەکی دکتۆر (کامل حەسەن عەزیز بەسیر) بە ناونیشان (یەکێتی عێراق لە هۆنراوەی کوردیدا) لە ساڵی 1990 بلاْوکراوەتەوە. بەگشتی ئەو سەرچاوانە لە بواری شیعری کوردیدا و لە سنووری یەکێتیی نیشتمانی عێراق و بەرگری لەم نیشتمانە بەدەرنییە، ڕێڕەوی گەشەکردن و پەرەسەندنی شیعری کوردییان لە کۆنترینەوە بەرەو تازەترین شیعری عێراقچێتی پەیڕەوکردووە بۆ دەستنیشانکردنی سەرەتای ئەم دیاردەیە لە ئەدەبی کوردیدا. لە ئەنجامدا چەند شیعرێکیان بە سەرەتا دەستنیشانکردووە. باشترین بۆچوون و توێژینەوەی ئەم بوارەش لە لایەن دکتۆر (کامل حەسەن بەسیر)ەوە ئەنجامدراوە، کە نزیکە لە ڕاستیی پێشەنگی دەستدانە نووسینی شیعری عێراقچێتی لە ئەدەبی کوردیدا. دکتۆر کامل بەسیر لەم بارەوە دەڵێت: ((ئەگەر بۆ بناغەکانی ئەم یەکێتییە لە هۆنراوەی کوردیدا بگەڕێین و بەگوێرەی مێژووی کۆنترین هەڵبەست دەست نیشانیان بکەین غەزەلێکی هەستیاری خوالێخۆشبوو (ئەحمەد فەوزی)مان بەردەست دەکەوێت کە لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە)دا ژمارە 19ی ڕۆژی 25-3-1925ی زایینی بلاْوکراوەتەوە)).

سەرەتای شیعرەکەش بەم شێوەیە:

بۆ ژین ئەگەڕێم ، خەڵقە ژیانم لە عێراقە
بێ پەردە ئەڵێم ئەمن و ئەمانم لە عێراقە ...

کەچی مێژووی دەستپێك و سەرهەڵدانی شیعری عێراقچێتی لێرەوە دەستپێناکات بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ پێش بڕیارەکانی پەیمانی (لۆزان 1923/7/24)ی تایبەت بە دابەشکردنی کوردستان بە سەر چوار دەوڵەتدا و هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی (سیڤەر 1920/8/10)ی تایبەت بە سەربەخۆیی کورد. لە ژمارە (2)ی ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان 1922-1923)دا لە 22ی تشرینی دووەمی ساڵی 1922 شیعرێك لە لایەن (ئەحمەد فەوزی)یەوە نووسراوە، بۆ یەکەمجار ناوی کوردی باشووری کوردستانی بە (کورد عێراق) هێناوە:

روح خۆت گەر ببێ بەدڵ سەرف قدومی کێ کەمە
موحیبی شەرع شەریفە و ناجی کورد عێراق ...

هەروەها لە ژمارە (18)ی ڕۆژنامەی (ژیانەوە 1924-1926)دا عەلی کەمال باپیر ئاغا ئەم مەبەستەی لە شیعری (هاواری وەتەن)دا درکاندووە و بەراوردی ئەوسا و ئێستای نیشتمانی کورد دەکات، شاعیر عێراق بە نیشتمانی گەورەی خۆی دەزانێ و پاش ستایشکردنی حزبی (الوگنی العراقی)، کە لەگەڵ حزبی (الاستقلال العراقی) و (الدفاع الوگنی)دا کاریان دەکرد بۆ بەرگریکردن لە کێشەی موسڵ و چەسپاندنی بە عێراقەوە، داوای خێراکردن لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلان دەکات بۆ بەستنەوەی باشووری کوردستان بە عێراقەوە.:

چۆن تازە فەرامۆشی دەکا کورد عێراقی
زوڵم و ستەم تورك و جەفا و جۆر نیفاقی... .

یەکەم شیعری کوردیی ئەم بوارە لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیی بەغدادا لە لایەن (مستەفا پاشای یاملکی)یەوە نووسراوە لە ژێر ناونیشان (پەند

هۆشیاری) لە ژمارە (14-1)ی خولی سێیەمی ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) لە 28ی کانوونی دووەمی ساڵی 1926 بلاوکراوەتەوە:

بەم قەرار عوسبەیە کورد و عەرەب وا بوون بە یار

کورد دەبێ هەر هەڵپەڕێ گۆرانی بێژێت بادە نۆش...

یابە و کاکان بران ئیتر لەگەڵ یەك دەس لە مل

حەز دەکەن شوان بزن بن حەزدەکەن ڕاعی (جمل)...

سەرهەڵدان و لەدایکبوونی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە عێراق و باشووری کوردستاندا بنەمایەکی بەهێزی بۆ پەخشانی کوردی دامەزراند، لە ڕێگایەوە هونەرەکانی پەخشان و هونەرە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی کە هەر بە پەخشان دەنووسرا و بەڵگەنامە و بەیاننامە و چەندین بابەتی گرنگ و بەکەڵکی بلاودەکردەوە و بوو بە مینبەری ئەدیب و نووسەرانی کورد بۆ بلاوکردنەوەی بیر و باوەڕیان، کە زۆرتر لە ڕێگەی هونەرەکانی پەخشانەوە ئەنجام دەدرا، چونکە پەخشانی نووسراو زادەی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵە و زمانی شارستانییەتە، ڕۆژنامەنووسیش پەیوەستە بە باری ڕۆشنبیری و هوشیاریی کۆمەڵەوە.

## تەوەری یەکەم

بەرەوعێراقچێتی لە پەخشانی ڕۆژنامەنووسیدا:

ا- بەرەو بەعێراقیکردنی کورد لە پەخشانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا:

لە ماوەی داگیرکاریی ڕاستەوخۆی هێزەکانی بەریتانیا بۆ ئەو ولاتەی ئێستا پێیدەوترێ عێراق نێوان سالانی (1914-1921)، دواتریش پاش کەوتنەژێر باری سیستمی ڕاسپاردن (انتداب) نێوان سالانی (1921-1932)، بەریتانییەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بۆ سەرنجراکێشان و بلاوکردنەوەی پڕۆپاگەندەی سیاسییان بەتایبەت لە ناوچەی بەغدای پایتەختی عێراقی نوێ و سلێمانیی پایتەختی سیاسیی کورد لە باشووری کوردستاندا بایەخێکی زۆریان بە ڕۆژنامەنووسیدا، چەند ڕۆژنامەیەکیان بە زمانە جیاوازە ناوچەییەکان دەرکرد. ڕۆژنامەنووسیی کوردیش لەو ڕۆژگارەدا گەورەترین پڕۆپاگەندەبوو مەیلی کوردی بەرەو بەریتانیای کۆلۆنیالیزم ڕادەکێشا.

شوێنی دەرکردن و بلاوکردنەوەی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی ژێر دەسەلاتی بەریتانیا لە دوو ناوچەدا بەتایبەت جێگیربوو و تەشەنەیکرد، بەغدا وەکو مەڵبەندێك لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا پاش نەتەوەی عەرەب کورد دووەم نەتەوەی ئەو شارەبوون، کە بریتیبوون لە کەسانی بەکاری سەر بە خانەوادەی دێرین و بەکاری کورد وەك بابان و حەیدەری و زەهاوی، لە نێوانیاندا سیاسەتمەدار و ئەفسەر و بازرگانی گەورە و موڵکداری هەڵکەوت، جگە لەمان کوردێکی زۆریشی تێدا نیشتەجێبوو، کە بریتیبوون لە چینی هەژار و چەوساوە و کاسبکەران. ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ تایبەتمەندییەکانی بەغدا لەڕووی جوگرافی و دانیشتووانەوە، بۆیە ((بەغدا هەمیشە خاڵێکی ڕاکێشانی کوردبووە لەڕووی ڕۆشنبیری و ئابوورییەوە)).

تا سەرهەڵدانی شەری یەکەمی جیهانی لە هەموو ئەو ولاتەی ئێستای عێراقدا تەنیا یەك بلاوکراوەی زمانی کوردی هەبووە، کە گۆڤاری (بانگی کورد - 1914ز) بووە، بەلام هێزەکانی بەریتانیا و ئەفسەرەکانی بە پێی پلانی پێشوەختەیان لە سەردەمی شەڕدا و لەگەڵ داگیرکردنی بەسرە لە 21ی تشرینی دووەمی ساڵی 1914 یەکسەر دەستیان خستەسەر چاپخانەکان و ڕۆژنامەی (بەسرە تایمز)یان بە زمانی ئینگلیزی و عەربی و تورکی و فارسی دەرکرد. پاش داگیرکردنی بەسرە لەشکری بەریتانیا درێژەی بە هێرشەکانیدا تا لە بەرواری 11ی ئازاری 1917 گەیشتە بەغدا یەکسەر بەتینەوە کەوتنە بلاوکردنەوەی ڕۆژنامە بە زمانە ناوچەییە جیاوازەکان، یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (العرب)یان لە 4ی تەمووزی 1917 بە زمانی عەرەبی دەرکرد، لە ساڵی 1918 سێ ڕۆژنامەیتریان دەرکرد (تایمز بغداد) بە زمانی ئینگلیزی، (ئێران) بە زمانی فارسی، (تێگەیشتنی ڕاستی) بە زمانی کوردی. سەرجەم ئەم ڕۆژنامانەش بۆ بلاوکردنەوەی پڕۆپاگەندەی سیاسی و جێگیربوونی خۆیان و بەدەستهێنانی مەبەستەکانیانبوو لە ناوچەکەدا.

پڕۆپاگەندەکانی ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) لە لایەکەوە هاندەری سەرەکیبوو بۆ تەشەنەکردنی بیری نەتەوەیی و سەربەخۆیی کوردی باشووری کوردستان بەتایبەت لە ناوچەی سلێمانیدا، لە لایەکیترەوە بۆ یەکەمجار لە مێژووی کورددا بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ لە نووسین و وتارەکانیدا چەند ئاماژەیەك بۆ بەرەو بەعێراقیکردنی کوردی تێدا بەرچاودەکەوێت. ڕۆژنامەکە لە ژمارە (1)ی بەرواری 1ی کانوونی دووەمی ساڵی 1918 پاش باسکردنی ڕێڕەوەکەی، کە بریتییە لە پڕۆپاگەندەیەکی بەهێز بۆ هەموو کوردێك لەو سەردەمە سیاسییە ناسکەدا، وتارێکی بلاوکردووەتەوە بەدرێژی باسی نەهامەتی و ناهەمواری و بەسەرهاتی گەلی عێراق دەکات لە ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانیدا. بەرانبەر بەوە چاکەی دەوڵەتی بەریتانیا بۆ گەلی عێراق پیشاندەدات و بەراورد لەنێوان هەردوو سەردەمەکە دەکات. ناونیشانی وتارەکە (چاکەی حکومەتی بەریتانیای موعەزەم بۆ عێراق)ە، نووسەر چەند جارێك ناوی عێراق و عێراقییەکان دێنێت و جەختی لەسەر دەکات ئەنجا ناوی کورد وەکو بەشێك لەو عێراقە کە مەبەستیەتی دێنێت و دەنووسێت ((عێراقییەکان بێچارەکان لە ژێر باری گرانی خوێنین ئەم هەموو شۆڕ و شەڕە، ئەم هەموو خەم و خەفەتە دەیان نالاند. حکومەتی ئیتیحادییە تورکییە دەیبیست و گوێی نەدەدایێ، دەمێ لە زەوق و سەفای خۆی نەکەوت، چونکە لەلای وابوو کە بەمردنی عێراقییەکان زیندوودەبێتەوە. دەیانویست عەرەب و کورد و ئەرمەنی و جولەکە و نەساری هەموو بەکوشتن بدەن و تەنها قەومی تورك بمێنێتەوە... ئەم زاڵمانە ئەم جاهیلانە لەباتی دڵخۆشی عێراقییەکان بدەنەوە و بە زمانی لوس بە کوشتنیان بسپێرن دائیمەن بە خائینیان لە قەڵەم ئەدەن و ڕقیان هەڵەستاندن، ئاخر ئەمە حاڵیانبوو بۆیە بەم دەردە چوون...)).

وێڕای ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی ڕوون بەدەستەوە نییە کێن ئەوانەی سەرپەرشتی دەرکردنی ڕۆژنامەکەیان لە ئەستۆدابووە، چونکە ناوی نووسەرانی پێوە نییە، بەلام ئەوەی لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکانەوە

خراوەتەڕوو دووکەس دەستیان لەم کارەدا هەبووە ((یەکەمیان مێجەر سۆن و دووەمیان شوکریلفەزلی (شکری الفچلی)یە. لەوانەیە هەر ئەم دوانەش بە جووتە دەستەی نووسەر و کارگێڕی (تێگەیشتنی ڕاستی) بوونە)) . وردبوونەوەش لەم وتارە چەند شتێکمان بۆ ڕووندەکاتەوە، یەکەم: ناوهێنانی کورد لەگەڵ عەرەب و کەمە نەتەوەکانیتری ئێستای دەوڵەتی عێراق. دووەم: تێکەڵکردنی گەلی کورد و جوگرافیاکەی و ڕاکێشانی بۆ ناو سنووری جوگرافیی ئێستای دەوڵەتی عێراق. سێیەم: ئەوەمان بۆ یەکلادەکاتەوە، کە بەریتانیا هەر لە سەرەتاوە نەخشەی عێراقی داهاتووی کێشابوو، کوردی باشووری کوردستانیشی بە بەشێك لەو نەخشە دانابوو، داواکردنی دەوڵەتی کوردیی سەربەخۆش تەنیا پڕۆپاگەندە و یارییەکی سیاسی بووە . ئەم وتارەش یەکەم هەنگاوی بەرەو بە عێراقیکردنی کوردە لە سنوورێکی جوگرافیی دابڕاو لە پارچەکانی کوردستانی گەورەدا، کە دواتر لەسەر دەستی کۆلۆنیالیزمە گەورەکانی جیهاندا دابشکرایە سەر چوار بەش. سەرجەم وتارەکانی ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) ئاڕاستەی کوردی باشووری کوردستان کراوە، چونکە ئەوەی گومانی تێدا نییە عەرەب بەهیچ شێوەیەك زمانی کوردییان نەزانیوە، بەڵکو کورد بە هۆی بارودۆخی ئایینی و ڕۆشنبیری و سیاسییانەوە بەباشی زمانی عەرەبییان زانیوە، بۆیە ناکرێ بڵێین ئەو وتارانە بەیەکسانی ئاڕاستەی هەردوولاکراوە.

لە لایەکیترەوە بەستنەوەی دۆزی گەلی کوردی زۆرینە ئیسلام لەگەڵ دۆزی گەلی عەرەبی خاوەن ئیسلام لە عێراقدا پڕۆپاگەندەیەکی بەهێزبوو بۆ ئەوەی کوردی باشووری کوردستان نەکەونە ژێر کاریگەری پڕۆپاگەندەکانی تورك و ئەڵمانەکان. سەروتاری (ئینگلتەرە و ئیسلام) بەتایبەت ئاڕاستەی گەورە پیاوان و کاربەدەستانی کوردی باشووری کوردستان کراوە، لەم سەروتارەدا هەشت جار ناوی کورد و عەرەب بەیەکەوە هێنراوە و کێشەیان بە یەك کێشە زانراوە. ئەمەش بۆخۆی هەنگاوێکی ناڕاستەوخۆی بەستنەوەی کوردە لەگەڵ عەرەبدا و هەنگاوێکە بۆ بەعێراقیکردنی ((حکومەتی ئینگلتەرا عێراقی گرت و عەسکەری کورد و عەرەبی سەربەست هێشت... مەرحەمەت هەر ئەمەندە دەبێ، چونکە چاك دەیزانی کە عەرەب و کورد بەدەست حکومەت تورکەوە زۆر پەرێشان بوون... ئەما ئیتیحادییە تورکەکان چونکە ئارەزوویان ئەمەبوو عەرەب و کورد لەناوبەرن و هەر خۆیان بمێنن... بەلێ ئەڵمانیا حکومەتێکی جەلادە ئەما کوشتن تورکی لە پێش عەرەب و کورد ئارەزوو دەکرد... لە ژێریشەوە بۆ کوشتن عەرەب و کورد دەستی بە تورکەکانەوە دەنا... ئەڵمان تورکەکانی بەکوشتدەدا و تورکەکانیش عەرەب و کوردیان لەناودەبرد... گەلێ لە گەورەی عەرەب و کورد بە کوشتن درا و نەفی کرا و چل پەنجا هەزار کەس لە ئەوان بە زوڵم ئەڵمان و حەماقەت تورك لەناوچوو... تورکە ئیتیحادییەکان نەدینیان هەیە نەدەزانن غەزا چییە، ئەوان فکریان ئەمەیە عەرەب و کورد و ئەرمەن و ڕۆم بەکوشتن بدەن...)) .

بەریتانییەکان باش درکیان بەوەکردبوو ئایین چ کاریگەرییەکی ئەوتۆی بەسەر کوردەوە هەیە بەتایبەت پاش فەتواکانی جیهاد و هەڵگیرسانی شەڕی (شوعەیبە) لە نیسانی 1915 دژ بەریتانیا ، بۆیە لە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)دا بەردەوام جەختیان لەسەر مەسەلەی حیجاز و خیلافەتی ئیسلامی دەکرد، چونکە ((دەیتوانی لە قوژبنی ئایینەوە کار بکاتە سەر گشت موسڵمانانی جیهان)) . لەم بارەوە ڕۆژنامەکە چەند جارێك وتاری بەناوەی ئیسلامەوە بلاّوکردووەتەوە، ناواخنی ئەو وتارانە جارێکیدی کورد و عەرەب، عێراق و باشووری کوردستانی لە لایەکەوە بەیەکەوە دەبەستەوە، لە لایەکیترەوە ئەوەی بۆ کورد ڕووندەکردەوە، تورك چەندین ساڵە جێنشینی خیلافەتی ئیسلامییە، کەچی ئیتر ئەو خیلافەتەی بەدەستەوە نەماوە و بۆ عەرەب گەڕێنراوەتەوە، ئەمەش تەنیا بۆ گەورەکردنەوەی ڕۆڵی عەرەب بوو لە چاوی کورددا و بۆ ئەوەبوو پێشانی کورد بدا مەرجەعی ئایینییان ئیتر بە دەستی عەرەبەوەیە نەك تورك ((ئەمەلمان هەیە کە قەومی کورد ئەم نعمەتە گەورەیە چاك تەقدیر بکەن و خۆیان بە سەعادەت بگەیەنن تا ئەو ئیسلاحات مادییە و مەعنەوییە لە عێراقدا دەست پێکرا، کوردستانیش ئیستیفادەی لێ بکا)) . لە کۆتاییدا دەنووسێت ((عەرەب وکورد ئیتر مەیلی حکومەتێکی وا جاهیل بێ دەسەلاّت ناکەن زاتەن لەبەر ئەمە کە عولەمای مەکە خیلافەتیان لێ نەزع کرد، قیمەتێکی دینیی نەما...)) .

کاریگەری پڕۆپاگەندەکانی بەریتانیا پاڵنەرێکی سەرەکیبوو بۆ ئەوەی (شێخ مەحمود 1886-1956 ) پێوەندییان پێوەبکات و ناوچەی سلێمانی بداتە دەستیانەوە بە ئاواتی پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆی ژێر چاودێری بەریتانیا، بەلاّم پاش مۆرکردنی پەیماننامەی نێوان بەریتانیا و تورکیا و چوونە ناوەوەی موسڵ لە 10ی تشرینی دووەمی 1918 و دواتر لە 16ی تشرینی دووەمدا چوونە ناوەوەی سلێمانی و دانانی شێخ مەحمود بە حوکمداری کوردستان و سەرهەڵدانی شۆڕشی کورد لە سلێمانیدا (مێجەر سۆن 1881-1923) توانی لە 29ی نیسانی 1920 یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن 1920-1922) لە سلێمانی دەربکات. وێڕای بلاّوکردنەوەی پڕۆپاگەندەی سیاسیی دژ بە تورك و ئەڵمان و بەلشەویکەکانی ڕوسیا، لە ڕۆژنامەکەدا برەو بە بەهێزکردنی هەستی نەتەوەیی کورد دراوە. لە لایەکیترەوە ڕۆژنامەکە بوو بە مینبەری بەرگری لە نەتەوە و نیشتمان و زمانی کوردی و بەتوندی بەرانبەر بە بەعێراقیکردنی کوردی باشووری کوردستان وەستا.

ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) وەکو یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی باشووری کوردستان تاکو ژمارە (54) هیچ هێما و ئاماژەیەکی بەعێراقیکردنی کوردی تێدانییە، لەو ژمارەدا بۆ یەکەمجار باس یەکبوونی باشووری کوردستان و عێراق کراوە لە لایەن چەند گەورەپیاو و کاربەدەستێکی سلێمانی، کە دەبێتە یەکەم هەوڵدانی خۆ بەعێراقیکردنی کورد لە باشووری کوردستاندا. ڕاستەوخۆ لەژمارەی دواتردا هەوڵدانی بەریتانییەکان بۆ یەکخستن و یەکگرتنی باشووری کوردستان و عێراق بە ڕوونی لە لایەن گەورە کاربەدەستانیانەوە دەخرێتەڕوو، مەترسییەکانی یەکنەگرتن و کاردانەوە نەگەتیڤەکانی پیشاندەدەن. لەم بارەوە ڕۆژنامەکە

هەواڵێکی ڕۆژنامەنووسی کە بریتییە بەرقیەیەکی مەندوبی سامیی عێراق بەم شێوەیە بڵاودەکاتەوە ((حەزرەت مەندوب ئەلسامی سر پرسی کۆکس ساحب خەریکی تێفکرینی تەشکیلاتی دوا ڕۆژی ئیدارەی حکومەت قەزاکانی کوردیە کە لە ناو سنووری عێراقن... لەبەر ئەمە هەنێ ئەشخاس تەرەفداری ئیستیقلالی کوردن لەگەڵ ئەمەیش زانراوە کە گەورەکانی کورد حاڵی بوون کە ڕەوابت توجارەت و ئیقتیسادی وڵاتەکەیان لەگەڵ بەغدا و عێراق پێکەوە بەستراوە، لە زەحمەت و زەرەری جیاوازبوون لە عێراق بێ خەبەر نین)). هەروەها مەندوبی سامی سەربەستی بە کورد دەدات ڕای خۆیان لەم بارەوە دەربڕن ((ئەگەر لەگەڵ حکومەت عێراق بەباشی ببینن حەزرەت مەندوب ئەلسامی حازرە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم ئیشە)). چەند بڕگەیەکیش پێشنیاز دەکات بۆ ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر دەربڕن، لەوانە لە شوێنە کوردنشینەکانی موسڵ لیوایەکی بچووك لە قەزای زاخۆ و ئاکرێ و دهوك پێکبهێنرێت لە ژێر دەستی موتەسەرفێکی بەریتانیدا بێت، کارەکانی داد و دارایی لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقدا بێت ((ئەم لیوا بچووکە هەموو مەسئەلەیەکی عەدلییە و مالییەی عمومەن لەژێر دەستی حکومەت عێراق دەبێت بەپێی قاعیدەی مەبعوسان لەم لیوایەوە ئەنێررێت بۆ بەغداد)). بۆ بەڕێوەبردنی ئەو لیوایە ((موەقەتەن قائیمقامانیش ئینگلیس دەبن هەتا کورد یان عەرەبێ کە کوردی بزانێ و لایقی ئەم مەئمورییەتەبێ بدۆزرێتەوە)).

سەرەڕای هەوڵدانی بەریتانییەکان و هەندێ لە کاربەدەستانی کورد و بە هاوکاری ڕۆژنامە عەرەبییەکانی عێراق بۆ بەعێراقیکردنی کوردی باشووری کوردستان، بەڵام لە ژمارە (56)ی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) بەملاوە دەنگی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری کورد لە هەموو لایەکەوە بەرزدەبێتەوە بۆ بەرگری لە خاکی کوردستان و زمانی نەتەوەیی، لە ئەنجامیشدا شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی لێکەوتەوە.

**ب-** بەرەو بەعێراقیکردنی کورد لە پەخشانی ڕۆژنامەنووسیی عەرەبیدا و ڕای کورد:

پێش پرۆسەی بەعێراقیکردنی کورد، لە بەڵگەنامە کۆنەکانی نووسەرانی عەرەبدا پرۆسەی بەعەرەبکردنی کورد لە سەدەی هەشتەمی زاینییەوە لە سەر دەستی مێژوونووس و گەڕیدە و جوگرافیزانی عەرەب لە ئارادابووە (ئەبو یەقزان 190کۆچی) یەکەم عەرەبە ڕەچەڵەکی کوردی گەڕاندووەتەوە بۆ عەرەب کە دەڵێت: ((باپیرە هەرە گەورەی کوردان کوردی کوڕی عەمری کوڕی عامری کوڕی سەعسەعە)). دواتریش بەدەستکاریی هەمان نووسین وتوویانە ((بنجەی کوردی ئیبن مەردی ئیبن سەعسەعی ئیبن حەربی ئیبن هەوازنن)). ئەم ڕێڕەوە لەناو میللەتی عەرەب تا مێژووی نوێی عێراق بەردەوام و لەزیادبووندابووە. سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەم و بەراییەکانی پێکهێنانی دەوڵەتی عێراقی پادشایەتی ڕزگارکراوی ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانیی ئیسلامیدا، جارێکیدی ئەم دۆزە لە سەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەنووسیی عەرەبیی عێراقیدا بە چەند جۆرێك وریژێنراوە لە ژێر خێوەتی چەند وتار و داواکارییەك بۆ بەعەرەبکردنی و بەعێراقیکردنی سیما و خەسڵەتە نەتەوەییەکانی کورد.

ڕۆژنامەی (العراق)، کە (ئامرازێکی سەرکەوتووی پێشوەختەی بەریتانییەکان بوو بۆ چەسپاندنی فەیسەڵ بە مەلیکی عێراق) و دواتر بوو بە دارەدەستی حکومەتی عێراق بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانیان، لە ژمارە (458)ی 23ی تشرینی دووەمی ساڵی 1921دا وتارێکی لە ژێر ناونیشان ((تەبدیل تەدریساتی کوردی مەکتەبەکانی سلێمانی بە عەرەبی لەسەر تەشەبوسی موفەتش مەنتەقەی موسڵ (سەلیم حەسون ئەفەندی) دەردەست ئیجرایە) )دا بڵاوکردووەتەوە، ئەمەش کاردانەوەیەکی بەهێزی ڕۆشنبیرانی کوردی باشووری کوردستانی بەدوای خۆیدا هێناوە و مشتومڕێکی وتار بەرانبەر بە وتاری دروستکردووە، چونکە بە مەبەستی تەعریبکردنی ڕۆشنبیری و زمانی نەتەوەیی کورد بڵاوکراوەتەوە.

جارێکیدی ڕۆژنامەی (العراق) دوو وتاری (شێخ زادەی ڕەواندزی)ی بڵاوکردووەتەوە لە ژێر ناونیشان (لوغەتی مەعارف تیجارەتە) و (قەزییەی کورد)یدا، تێیدا شێخ زادە فێربوونی زمانی کوردی و پێکهێنانی حکومەتێکی کوردی بە خەیاڵ دەزانی و دەڵێت: ((مەسئەلەی فێربوونی لوغەتی کوردی و تەئسیسی حکومەتی کوردی خەیاڵاتە))، بۆ یەکەمجاریشە لە مێژووی عێراقدا ناوی باشووری کوردستان بە (کوردستانی عێراق) ناودەبات. ناونانی باشووری کوردستان بەم شێوەیە دەربڕین و کارێکی نامۆبووە بەلای ڕۆشنبیرانی کوردەوە بۆیە ڕەخنەیان لە شێخ زادە گرتووە، کە پێنووسی خۆی دژ بە نەتەوەکەی بەکارهێناوە. ئەحمەد حەمدی ساحیبقران بە توندی وەڵامی شێخ زادەی داوەتەوە، بەعێراقیکردنی کوردیشی بەلاوە ستەمێکی گەورەیە لە کورد دەکرێت و دڵێت: ((عەجەبا، ئیسمی عێراق وەتەنی جامیعەی عەرەب و کوردە؟ یان کوردستان موتەمیم و یا ئەجزایەکی عێراقە یا نا؟... کوردستان نە موتەمیم و نە ئەجزای عێراقە. وەتەنێك کە لە خارجی عێراقا بێ، میللەتێك کە لیسان و عونسری لە عێراق نەچێ، دیارە نە ئەوە، نە لەوە)).

لە ڕۆژنامەی (تایمس العراقیە - الاوقات العراقیە)دا، کە حکومەتی عێراق لە مایسی 1921 لە بەسرە دەریدەکرد، نووسەرێك بە ناوی (مەعروف عەلی ئەسغەر) بە شێوەیەکی زانستییانە و لە نۆ خاڵدا وەڵامی شێخ زادەی داوەتەوە، بەلایەوە ئەو ئینکاری ئەسڵی خۆی کردووە و دەڵێت: ((تەعبیری کوردستانی بە (کوردستانی عێراق) داوەتەوە، ئەم تەعبیرە غەڵەتە، چونکە وڵاتی کورد لە ناو عێراقدا نییە))، بەڵام ئەمیش هاوڕایە لەگەڵ شێخ زادەدا لەوەی (ئەگەر کوردستانێکی سەربەخۆ پێکنەهێنرا) پێویستە لەگەڵ عێراقدا یەکبخرێن و دەڵێت: ((خۆ ئەگەر وانەبوو واجبە عەلاوەی حکومەتی عێراقیبین کە ئەکسەرییەت بوو. قسەی کاتب لەم ڕووەوە وەك قسەی منە، بەڵام ئەو لە ڕێگاوە بۆی نەهاتووە)).

پرۆسەی بەعێراقیکردنی کورد و باشووری کوردستان لە وتار و بەیاننامەی حیزب و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی عێراقدا بەردەوامی

هەبوو، ئەوەش ڕوونە ((ڕێکخستنە سیاسییەکان لە عێراق لە ڕاستیدا لە دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئینگلیزەوە دەستی پێکردووە))، باشترین ڕێگاش بۆ بلاوکردنەوەی پرۆگرام و بیر و باوڕیان لە ڕێگای ڕۆژنامەنووسییەوەبوو، بۆیە لەگەڵ دامەزراندنی حزبی (الحر العراقی) لە 3ی ئەیلولی 1923، کە چەند کوردێك لە دەستەی دامەزرینەری بوون وەك (سەلاح بابان) و (جەمیل سدقی زەهاوی)، کارنامەی حزبەکەیان لە ڕۆژنامە عەرەبییەکاندا بلاوکردەوە و کوردستانیش بەشێك بوو لەو کارنامە. ڕۆژنامەی (العراق) لە ژمارە (738)دا بەیاننامەی (حزب الحر العراقی) و لە ژمارە (743)دا وتاری (مەجلس ئیدارەی کوردستان)ی بلاوکردووەتەوە و کوردستان و لیوای سلێمانییان بە بەشێك لە عێراق داناوە بە هۆی پێوەندی ئابووری و بازرگانییان لەگەڵ بەغدادا، بۆیە بەلای (عارف سایب)ەوە ((ئەو کەسانەی کە ئەم نەوعە قسانە ئەکەن بێ شوبهە دوشمن وەتەن و میللەت عەرەبییە و حەزرەت جەلالەت مەلیك عێراقن)).

لە ژمارە (316)ی ڕۆژنامەی (دجلە) وتارێکی ڕۆژنامەی (نجمە) وەرگیراوە، لەبارەی چۆنیەتی دامەزراندنی کابینەی نوێی حکومەتی عێراقەوە ناوی سلێمانی بە لیوایەکی عێراق دێنن، بۆیە (عارف سائیب) جارێکیتر وەلامیان دەداتەوە ((خێر بە خوێش نەك بە دەروێش کوردستان قەت داخل عێراق نییە، چونکە عێراقی عەرەب، عێراقی عەجەم هەیە. کوردستان ناچێتە خەریتەی هیچ عێراقێکەوە، ناوی خۆی بە خۆیەوەیەتی...)). ئەم پرۆسە وپلانە بۆ بەعێراقیکردنی باشووری کوردستان بەگشتی و سلێمانی بەتایبەت هەمووی لە سایەی دەسەلاتی بەریتانیا بوو لە عێراقدا، بۆیە بەردەوام ڕۆژنامەکانی خۆی بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە بەکاردەهێنا. ڕۆژنامەی (ئومێدی ئیستیقلال 1923-1924) جارێکیدی وەلامی ڕۆژنامەی (العراق)ی داوەتەوە و دەنووسێت ((غەزەتەی العراق، سلێمانی بە جوزئێ موتەممی عێراق نیشانداوە، موئەید ئەم ئیجتیهادە، ئێمە هیچمان بۆ نادۆزرێتەوە، زۆر ئارەزوو ئەکەین (العراق) موناسەبەتی ئێرتیبات لە بەینی کورد و عەرەبدا چییە بۆمان ئیزاح بکا)).

وەلامدانەوەی وتاری بەعێراقیکردنی کورد و ناوچەکانی باشووری کوردستان لە ڕۆژنامەنووسیی عەرەبیی عێراقدا بەردەوامبوو، ڕۆژنامە کوردییەکان بە تایبەت لە سلێمانی نموونەی بەرگریبوون لەو سەردەمەدا، هەرچەند بەشێك لەو ڕۆژنامانە ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ لە لایەن بەریتانییەکانەوە سەرپەرشتی دەکرا، بەشەکەیتریش ڕۆژنامەی ڕۆژگاری شۆڕشی کوردبوو لە سلێمانی دژ بە بەریتانیا و حکومەتی عێراق، تا ڕادەیەك لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە)دا پاش بڕیاری کۆمەڵەی گەلان و بەستنەوەی باشووری کوردستان بە عێراق و بەعێراقیکردنی هێشتا ناوی کورد و کوردستان و داوای مافی سەربەخۆیی بەردەوامی هەبووە.

## تەوەری دووەم

خۆ بەعێراقیکردنی کورد لە پەخشانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا:

1- وتار:

یەکێکە لە ژانرە هەرە گرنگەکانی پەخشان، سەرەتای سەرهەڵدانی پەیوەستە بە داهێنانی چاپ و بلاوبوونەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەوە و ((بە بەرزترین هونەری ئەدەبی دەژمێردرێت، ئەمەش ڕەنگە لەوەوەبێت بە پلەی یەکەم، چونکە وتار بۆی دیار نەکراوە، کە چ بابەتێك بخاتەڕوو و چی دەگرێتەوە، ژیان و زیندگی مرۆڤ بە هەموو بوارەکانیەوە دەشێن ببنە ماددەی وتارنووسین)). ئەم هونەرە ئەدەبییە بە شێوەیەکی کورت و سادە لە سنوورێکی دیاریکراود دەنووسرێت، هەڵگری بیر و باوەڕی نووسەرەکەیەتی، ئامانجی گەیاندنی هەواڵێکە یان ڕوونکردنەوەی بابەتێکە، لایەنێ لە لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە، بە شێوەیەکی خێرا و بێ زۆرلەخۆکردن دەنووسرێت و ڕاستگۆیانە گوزارشت لە کەسێتی نووسەر دەکات.

دیاردەی ڕووکاری عێراقچێتی یان ڕووکاری خۆبەعێراقیکردن یان عێراقیبوونی کورد یەکەمجار لە نووسین و پەخشانە هەمەڕەنگەکانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا بە شێوازێکی لەسەرخۆ لە چەشنی چەند هێما و ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆدا هاتووەتە ناواخنی پەخشانی کوردییەوە، وتاری ڕۆژنامەنووسیی کوردی دەستێکی بالای لە گەشەکردن و پەرەسەندنیدا هەبووە. ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)ی سلێمانی وەك یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی باشووری کوردستان بەراییەکانی ئەو وتارانەی بلاوکردووەتەوە، کە نیازپاکی کورد و نائومێدییان بە تورك و شۆڕشی کوردی و شێوازی بەرگرییان لە خاکی کوردستان دەخاتەڕوو. وتاری (کوردستان) لە ژمارە (54)دا ئەو ڕاستییەمان بۆ دووپات دەکاتەوە گەورەپیاوان و کاربەدەستانی ناوچەی سلێمانی بۆ ڕاستکردنەوەی باری نالەباری باشووری کوردستان دەستپێشخەرییان کردووە و داوای یەکخستن و یەکێتییان لەگەڵ عێراقدا کردووە لە پێناو هەڵسانەوە و فێربوونی خۆبەڕێوەبردن. دەقی وتارەکە بەم شێوەیە ((بۆ ئەمە کە بیری ئەهالی سلێمانی و کوردستان چۆن تێگەیشتوون و موقدەراتی کوردستان چۆن بێ پێیان خۆشە و بە باشی دەزانن بۆ خۆیان بزانرێت و وەختێ کە جەناب حاکم سیاسی تەشریفی چووە بەغداد بیگەیەنێت بە (مەندوب ئەلسامی) و بۆ بەرزبوونەوەی کوردستان هەوڵ بدرێت، ڕۆژ 26 ئەپریل 1921 جەناب حاجی حەسەن نەورس ئەفەندی و عەزمی بەگ بابان و حاجی سەعید ئاغا و حاجی مەلا سەعید ئەفەندی و محەمەد ئاغای عەبدولرەحمان ئاغا و عەبدولکەریم ئەفەندی عەلەکە دەعوەت کرانە ماڵی حاکم، عەزمی بەگ لەبەر نەخۆشی و حاجی مەلا سەعید ئەفەندی لە شار نەبوو ئەو دووانە تەشریفیان حازرنەبوو، بەلام ئەوانیتر تەشریفیان چوو لە پاش قسە و گفتوگۆیەکی تەواو وایان نوان کە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا موناسەبەتێك و یەکێتییەکیان ببێ، بەلام چونکە کوردستان زۆر پێویستی یارییە و تەماشاکردنە دەبێ شتێکی وا بکرێت کە حکومەتی عێراق زۆر یارییەی کوردستان بدا بۆ ئەمە کە کوردستان باش ئاوا و

زندو ببێتەوە و هەتا نەختێك فێری ئیدارە و خۆبەخێوکردن دەبێ هەموو جێیەك و ئیش و کارێك لەژێر تەماشاکردنی مەئمور موفەخەمەی ئینگلیس دابێ)).

لە ڕوویەکیترەوە ئەم دیاردەیە لە شێوازی بەرگری لە زمانی عەرەبی لە پێناو سەرخستنی ئیسلامدا خۆی نواندووە. مستەفا قەرەداغی یەکەم نووسەری کوردە لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا دوور لە توندڕەوی نەتەوەیی وتارێکی لەژێر ناونشان (باس تەدریسات عەرەبییە)دا لە ژمارە (89-90)ی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)دا بلاّوکردووەتەوە لە بارەی گرنگی بەکارهێنانی زمانی عەرەبییەوە دەدوێت و بەکارهێنانی زمانی کوردی بە سیاسەتی دژ بە ئیسلام و بەرژەوەندی کورد دەناسێنێت ((تەدریساتی ئیسلامی زۆر پێویست و زەرورییە (انا انزلناه قرانا عربيا) بە لیسانی عەرەبی موبین ئەساس ئیسلامییەت لەسەر قورئان و حەدیسە کە بە تەحسیل علوم عەرەبییە دەزانرێت... ئەگینا مەعلومە مادەتەن و مەعنەن کە ئەمە مونافی سیاسەت و مەسڵەحەت دینییە و دونیەوییەیە)). لە لایەکیترەوە ئاستی زمانی عەرەبی بەرانبەر بە زمانەکانیتر بەرز ڕادەگرێ و لە ئاستی زمانی کوردی کەمدەکاتەوە و بێکەڵکی دەکات ((وەك تەماشا دەکرێت نەوەك زمانی کوردی بەڵکو تورکی و فارسیش لە لوغەتدا تەواونییە، موحتاج کەلیمات و لوغات عەرەبییەن، کەوابوو ئەمڕۆ قسە و کیتابەت کوردی بەبێ عەرەبی پێك نایەت)). نووسەر لە تێڕوانینێکی ئاینییەوە سەیری کورد و عەرەب دەکات و بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە ((زاتەن (انما المؤمنون اخوه ) ئەگەر مولاحەزە بفەرموون بە ئیعتیبار نەتیجە ئامال هەردوو لایان یەکە... کەوابوو هیچ نابێ لە بەین کورد و عەرەبدا فەرق و تەفاوت بخەین)) هەروەها لە ڕووی ئابووری و بازرگانییەوە باشووری کوردستان و عێراق بە یەکپارچە دەزانێ کە ئەستەمە لە یەك جیابکرێنەوە ((عەلالخسوس کوردستانی ئێمە کە بە ئیعتیباری ئەخلاقی و ئاداب موناسبەی ئیقتیسادی و تیجاری هەموو وەقتێ دەبێ ڕەوابتی ئیتیحاد و دۆستی و یەکجیهەتی لەگەڵ عێراقدا مولاحەزە بفەرموون، چونکە ژیانیان بێ یەکتری موشەکەلە هەرچەند بە عونسر و زبان جیاوازن و موحیت و ئاداب و موعامەلات یەکن)). ئەم جۆرە وتارانە لە ڕۆژنامەنووسی کوردیی ئەو سەردەمەدا دەبوو بە جێگای مشتومڕ بۆ بەرگری لە زمان و نەتەوە و نیشتمانی کورد و ڕەتکردنەوەی یەکگرتنی کورد لەگەڵ عێراقدا.

بەکارهێنانی وتە و وتاری ناڕاستەوخۆ و هێما و ئاماژە بۆ پیشاندانی گرنگی بەستنەوەی باشووری کوردستان بە عێراقەوە لە وتاری ڕۆژنامەنووسیی هەندێ لە کوردپەروەراندا بەدیدەکرێ، ڕاڕایی و دوودڵی و جێگیرنەبوونی ڕاکان یەکێکن لە سیماکانی پەخشانی ئەو سەردەمە ناسکەی کورد. لە وتارێکی (ئەحمەد سەبری 1903-1997) لە ژمارە (3)ی ڕۆژنامەی (ئومێدی ئیستیقلال)ی شۆڕشی کورد لە سلێمانیدا لە باسکردن زمان و جوگرافیای کوردستاندا هۆکاری بە دەوڵەتنەبوون و سەربەخۆیی کوردستان بۆ نەبوونی سەرچاوەی ئاوی دەگەڕێنێتەوە، بەو شێوەیە پیشانی عێراق دەدات کە خاوەن دوو ڕووباری گەورەی (دیجلە و فوڕات)ە بۆیە قابیلی بەدەوڵەتبوونە و دەڵێت: ((تەبیعەت بەخشایشێکی وای نەداوە بە ئەرازی کوردستان کە سەبەبی یەکێتی و ئیستیقلالی کوردستان بێت، وەکو نیلی میسر و دجلە و فوڕاتی عێراق))، ئەمەش نکۆڵیکردنێکی تەواوە لەوەی کە کوردستان خاوەنی ڕاستەقینەی کانیاو و سەرچاوەکانی لەدایکبوونی هەردوو ڕووباری (دیجلە و فوڕات)ە، کە دواتر بە خاکی عێراقی عەرەبیدا تێدەپەڕێت تا دەگاتە کەنداو.

ئەم هێما و دوودڵییە لە وتاری (کوردیش حەق ژیانی هەیە)ی (زێوەر 1875-1948)ی شاعیریشدا لە هەمان ڕۆژنامەدا بەدیدەکرێت، زێوەر لە لایەکەوە داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکات و حاشا دەکات لە یەکگرتن لەگەڵ عێراقدا ((حاشا ئەو کەسەی بە ناوی تیجارەت و ئیقتیسادەوە مەربوتییەتی کوردستانی دەوێ))، لە لایەکیترەوە ستایشی عێراق دەکات و بە ئەوروپای کوردی دەزانێ ((لە باتی ئەوروپا تەڵەبەی کورد ڕوو بکەنە دار ئەلفنون عێراق، حەربییەی عێراق، تبییەی عێراق... ئیستیفادەی عێراق زیاترە چونکە عێراق ئەوروپای ئێمە دەبێ نەفع ئیقتیسادی و سیاسی زیاتر دەبێ)).

لە سەردەمی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود بۆ یەکەمجار سوپای عێراق بە هاوکاری بەریتانییەکان لە 1924/7/19 سلێمانییان داگیرکرد، لە 1924/8/18 ڕۆژنامەی (ژیانەوە)یان دەرکرد، ئیتر بنەماکانی عێراقچێتی لە سایەی حکومەتی عێراقیدا بە تەواوی ڕەگی کوتا و لایەنگرانی پەیداکرد. ڕۆژنامەکەش تاکو ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی (مودافەعەی وەتەنی سلێمانی) خامۆشی پێوە دیارە و تەنیا سەرقاڵی دژایەتی شێخ مەحمود و بلاّوکردنەوەی هەواڵی ڕۆژنامە عەرەبییەکان بووە لە بارەی گواستنەوەی هەواڵەکانی تایبەت بە کۆمەڵەی گەلان و کێشەی ویلایەتی موسڵ ((ژیانەوە بە درێژایی ماوەی دەرچوونی بە شان و باڵی سیاسەتی بەریتانیایدا هەڵداوە. ئەگەر بە توانجگرتنیش بووبێ، لە نرخ و پایەی شێخ مەحمودی کەم کردۆتەوە، لایەنگری حوکمی پاشایەتی عێراقی کردووە. واتە بە هەموو شێوەیەك داکۆکی لەوە دەکرد ویلایەتی مووسڵ بخرێتە سەر عێراق)).

لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە)وە ئیتر بەرگریکردن لە کورد و کوردستان پەیوەستدەکرێت بە بەرگری لە عەرەب و عێراق، نووسەرانیش ئەوە بە ڕێگای ڕاستەقینەی نیشتمانپەروەری دەزانن. لە وتاری (خەیاڵ پلاّو)دا (عەلی عیرفان ؟-1968) هێرش دەکاتە سەر شیخ مەحمود و لایەنگرانی و داهاتووی کورد و عەرەب بەیەکەوە دەبەستێت و دەڵێت: ((هیچ عەقڵێ قبووڵی ناکات کەڕەتێکیتر عەرەب و کوردەکان بچنەوە ژێر ئیدارەی تورك و بن بە تابع تورك، چونکە هیچ وەقتێ کورد و عەرەب نابن بە تورك)). لە وتاری (فەرق ئێستا وئەوسامان)دا دەڵێت: ((قسمێکی کوردستان جەنوبی کە لە زەمان تورکەکاندا و لە ئیدارەی حازرەیشدا ولایەتی موسڵ تەشکیل ئەکا و مەربوتە بە عێراقەوە و عیبارەتە لە سلێمانی، کەرکووك، هەولێر، کۆیە، ڕواندز، عەقرە، زاخۆ، عەمادییە، دهۆك)) دواتر ناوی (شیمالی عێراق) وەك دەستەواژەیەکی نوێ یەکەمجار بۆ ناونانی باشووری کوردستان

بەکاردێنی، کە تاکو ئێستا لە لایەن عەرەبەوە هەر بەو ناوە دەناسرێت ((هەموو ئەی زانین شیمالی عێراق کە عیبارەتە لە ولایەتی موسڵ...)).

هەرچەند بەریتانیا و عێراق و مەندوبی سامی عێراق لەو کاتەدا بەردەوام بانگەوازی عێراقیبوون و بەعەرەبکردنی موسڵیان بەگوێی کورددا دەهێنا، کەچی نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد جەختیان لە سەر عێراقیبوونی ویلایەتی موسڵ دەکرد و سووربوون لەسەر ئەوەی بدرێتە پاڵ عێراقێکی عەرەبییەوە دیارە ئەمەش بە هۆی ئەوەوە بووە کە کورد بە تەواوی بڕیاری ئەوەیان دابوو ئیتر لە ژێر خێوەتی تورکدا نەژین و ڕازین بە ژیان لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتێکی عەرەبیدا. لەم بارەوە (ڕەشید نەجیب 1906 -1968) لە هەردوو وتاری (ولایەت موسڵ) و (تورك – کورد)دا هەوڵێکی بێوچان دەدات بۆ دووپاتکردنەوەی عێراقیبوونی ویلایەتی موسڵ پاش هێنانەوەی چەند بەڵگەیەك دەڵێت: (( ئەمەش دەلیلێکی تەواوە کە حکومەت تورکیا ڕەسمییەن ئیعترافی کردووە بە عێراقییەتی ولایەتی موسڵ))، لە بارەی عەرەبی عێراقیشەوە دەڵێت: ((وا لەگەڵ برایان عەرەب عێراقدا دەستمان داوەتە یەك، تا ئاخر نەفەس موحافەزەی ئیستیقلالییەتمان دەکەین حورییەتمان دەپارێزین)).

## 2- وتاربێژی :

وتاربێژی، وتاردان، خوتبە، یەکێکە لە ژنرە گرنگەکانی پەخشانی کوردی، شێوازە زارەکییەکەی مێژوویەکی کۆنی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەیە، شێوازە نووسراوەکەیشی سەرەتا لە ڕێگای ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە هاتووەتە ناو پەخشانی ئەدەبی کوردییەوە. لە وتاربێژیدا دوو لایەنی سەرەکی ڕۆڵ دەگێڕن (وتاربێژ) و (جەماوەر-گوێگران) کە ئامادەی وتاربێژییەکە دەبن. زۆر جار لە وتاربێژیی سیاسیدا لە شێوازی تەرجیع بەنددا دانیشتوان یان گوێگران چەند وتەیەك یان ڕستەیەکی واتادار بە دەنگێکی بەرز و بەهێز بەرانبەر بە وتاربێژ چەند جارێك دووبارە دەکەنەوە. وتاربێژی لە شێوازە زارەکییەکەیدا لە واقیعدا ئەنجامدەدرێت، کەچی دواتر دخرێتە سەر شێوازی نووسراو و لە جیاتی گوێگر خوێنەر پەیدادەبێت. ئەم ژانرە چەند ئامانجێك دەگرێتە خۆی لەوانە (هاندانی جەماوەر و گوێگران بۆ ئەنجامدانی کارێك یان سەرقاڵکردن و قایلکردنیان لە ڕێگای نیشاندانی چەند زانیارییەکی گرنگ).

لە بەراییەکانی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا ئەو نموونانەی لەم بوارەدا بەرچاودەکەون بە زۆری لەگەڵ هونەری (ڕیپۆرتاژ)دا تێکەڵکراون و لە ڕێگای ئەم هونەرەوە پێشکەشکراون، بۆیە زۆرجار وتەکان کورتکراونەتەوە یان ڕیپۆرتاژنووس کورتەیەکی لە وتەکان لە ڕۆژنامەدا تۆمارکردووە، کاریگەری وتەکانیش لەسەر جەماوەر جێی بایەخی سیاسەتی ڕۆژنامەنووسییە.

نموونەکانی ئەم ژانرە لە سەرەتای ڕۆژنامەنووسیی کوردیی بەغداد و سلێمانیدا بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێت. لە ژمارە (14)ی ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) کە هەشت مانگ پاش ژمارە (13 ) دەرچووە، کورتە ڕیپۆرتاژێکی ڕۆژنامەنووسی بلاوکراوەتەوە دەربارەی سەردانی سەرۆك وەزیرانی عێراق (عەبدولموحسین سەعدون) و چەند سیاسەتمەدارێکی عێراقی و بەریتانی بۆ سلێمانی، کە لە لایەن گەورە پیاوان و کاربەدەست و خوێندکارانی سلێمانییەوە پێشوازییەکی گەرمیان لێکراوە، پاش وتاردانی سەرۆك وەزیرانی عێراق (مستەفا پاشای یاملکی) وتەیەکی پێشکەش کردووە، لە ئەنجامدا ئامادەبووان بە یەك دەنگ دەڵێن: ((بژی حکومەت موعەزەمەی بەریتانیا)) ئەنجا بۆ یەکەمجار لە مێژووی کورددا ئەم وتەیە دەبیسترێت، کە دواتر دەبێتە نەریتێکی سیاسی لە باشووری کوردستاندا ((بژی حکومەت عەلییەی عێراق)) و دواتر ((بژی قەومی کورد و کوردستان)).

هەوڵدان بۆ بەستنەوەی باشووری کوردستان لەگەڵ عێراقدا بۆ یەکمجار لە ئەدەبی کوردیدا بابەتێکی نوێی وتاربێژیی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا هێنایەکایەوە لە ستایش و شانازیکردن بە بەریتانیای کۆلۆنیالیزم و کاربەدەستانی حکومەتی عێراق بەولاوە هیچ مەبەستێکیتری نەبووە. ئەم جۆرە وتاربێژییانە بە زۆری لە ناواخنی ڕیپۆرتاژەکانەوە خراونەتەڕوو. سەرەتا و دەستپێکی وتاربێژیی عێراقچێتی لە ڕاگەیاندنی (کۆمەڵەی مودافەعەی وەتەنی سلێمانی)یەوە دەستیپێکردووە. وتەکەی (محەمەد بەگی حاجی ڕەسوڵ بەگ) لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە)دا یەکەم دەقی وتاربێژی کوردیی عێراقچێتییە تایبەت بە خۆبەعێراقیکردنی کورد بلاوکراوەتەوە، بەڕوونی و شانازییەوە ناوی کورد بە (کوردی عێراقی) دەبات ((حەزەراتی کیرام... ئێستا الحمد للە ئێمە کە کوردێکی عێراقین و ختەی عێراقییە لە حیمایەی دەوڵەت فەخیمەی بەریتانیا کە شەفەقەت و ڕەئیی ئینکار ناکرێ بە ئیستیقلال گەیشتین...)).

لە وتاربێژییەکیتردا بە بۆنەی دامەزراندنی (ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ) بە موتەسەڕفی سلێمانی، یەکێك لە خوێندکاران (عەبدولقادر ئەفەندی) وتەیەك دەخوێنێتەوە لە کۆتاییەکەیدا دەڵێت: ((هەر بژی حکومەت فەخیمە و حکومەت عێراق، هەربژی موتەسەڕف تازەمان، بژی میللەت کورد)).

ڕۆژنامەی (ژیانەوە) ژمارە (54)ی تایبەتکردووە بە بڕیارەکەی کۆمەڵەی گەلان و بەستنەوەی باشووری کوردستان بە عێراقەوە، ئەم ژمارە پڕە لە شانازیکردن بە بەعێراقیکردنی کورد. یەکێك لە وتاربێژییەکانی ئەو کۆبوونەوە جەماوەرییە لە لایەن (جەمالەدین بەگی بابان)ەوە پێشکەش کراوە و دەڵێت: ((... لەگەڵ میللەت نەجیبەی عەرەبدا وەکو دووبرا لە ژێر عەلەمی عێراقدا بە معاوەنەت حکومەت فەخیمەی بەریتانیا بژین. بژی کورد، بژی حکومەت عێراق، بژی حکومەت موعەزەمەی بەریتانیا)).

## 3- ژیاننامە :

ژیاننامە ((نووسین و پیشاندانی ژیانی مرۆڤێکە لە چوارچێوەی خستنەڕووی وێنەیەکی ڕاستگۆ و پرشنگداری ژیانی خۆی و کۆمەڵەکەی،

یان مێژوویەکی تایبەتە بە ژیانی کەسێکەوە و بە یاداشت یان گەشتی ژیان یان سەرگوزەشتەش ناودەبرێت)) ؛ ئەمەش جۆرێکە لە ژانرەکانی پەخشان نووسەرێك لەبارەی خۆیەوە دەینووسێت (ژیاننامەی خودی) یان نووسەرێك لەبارەی کەسێکیترەوە دەینووسێت (ژیاننامەی بابەتی). ڕاستگۆیی لە باسکردنی کەسەکان و دوورکەوتنەوە لە زێدەڕۆیی و گەورەکردنی ڕووداوەکان و بایەخدان بە شێوازی هونەریی نووسین لە مەرجە سەرەکییەکانی ئەم ژانرەن.

ژیاننامە لە ئەدەب و ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا کەم بایەخی پێدراوە، لە باشووری کوردستاندا ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) یەکەم بابەتی ژیاننامەی بلاۆکردووەتەوە. گۆڤاری (دیاری کوردستان 1925-1926) لە بەغداد جیاواز لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیی ئەو سەردەمە بایەخێکی زۆری بەم ژانرە داوە ((یەکێ لە بابەتە سەرەکیەکانی دیاری نووسینی ژیننامەی گەورە پیاوانی عێراق و کورد و بلاۆکردنەوەی وێنەنەکانیانە)) ؛ ئەوەی جێی سەرنجە لەم گۆڤارەدا کە نزیکەی نۆ مانگ پێش بڕیاری کۆمەڵەی گەلان و بەستنەوەی باشووری کوردستان بە عێراقەوە دەرچووە، بۆ یەکەمجار لە مێژووی کورددا ژیاننامەی کەسایەتییەکی عێراقی لەو سەردەمە ناسکەی کورددا لە پێش (دیباجە)ی گۆڤارەکە بلاۆکردووەتەوە. هەر لە ژمارە یەکەوە ((تەرجەمەی حال موختەسەر مەلیك عێراق جەلالەت مەئاب (فیصل الاول).)) ی بلاۆکردووەتەوە، کە بە (37) پشت دەیگەڕێنێتەوە بۆ پیغەمبەر (صلی الله علیە وسلم). ئەمەش بۆ خۆی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بیر و باوەڕی کوردی باشووری کوردستانی زۆرینە ئیسلام هەبووە و دەچێتە بابەتی پڕۆپاگەندەی سیاسی و ڕاکێشانی کورد بەرەو خۆ بەعێراقیکردن ؛ لە ژمارە (3)دا ژیاننامەی ((یاسین پاشا ئەلهاشمی) ) سەرۆك وەزیرانی عێراق و لە ژمارە (6)دا ژیاننامەیەکیتری لە ژێر ناونیشان ((ڕەئیس قابینەی پێشووی حکومەت عێراق جەناب جەعفەر ئەلعەسکەری پاشا)) دا بلاۆکردووەتەوە.

## 4- بەیاننامە :

ژانرێکیتری پەخشانە لە شێوازی نامەدا دەنووسرێت، بەلاّم گشتییە و نووسینەکانی ئاڕاستەی خەڵك و جەماوەر دەکرێت بۆ ڕاگەیاندن و ئاگادارکردنەوەیان لە بابەتێکی گرنگ و ڕوونکردنەوەی نهێنییەکان. جۆری نووسینەکان لێرەدا ڕاستەوخۆ و گشتییە، توندی و کورتبڕی لە سیماکانیەتی.

یەکەم بەیاننامە لە ئەدەبی کوردیدا لە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)دا بلاۆکراوەتەوە لە ژێر ناونیشان ((بەیانی حکومەتی ئینگلیز بۆ ئەقوامی ڕووسییە)) ؛

یەکەم بەیاننامەی عێراقچێتی لە مێژووی ئەدەب و ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا لە ژمارە (15)ی ڕۆژنامەی (ژیانەوە)دا بە بۆنەی دامەزراندنی (جەمعیەت مودافەعەی وەتەنی سلێمانی) و بە ئیمزای (موعتەمەد: ئەحمەد) و لە ژێر ناونیشان (عەلاوەی غەزەتەی ژمارە 15 ژیانەوە)دا بەم شێوەیە بلاۆکراوەتەوە ((بۆ مودافەعەی وەتەن موعەزەز و موحافەزەی حدوود حازرەی ولایەت موسلّ تەزاهورات و تەشەبوساتێکی وەتەنپەروەرانە کە لە عموم عێراقییەکان و بلئەخەس لە تەرەف ئەهالی و جەمعییەت مودافەعەی موسڵەوە ئیجرا کراوە موجەب سرورێکی عەزیم و مەدار تەشەکور و ئیفتیخار عموم ئەهالی سلێمانی بوو... غایە و ئەساس مەقسەد ئەم جەمعییەتە موحافەزەی حدودی ولایەت موسڵە کە جوزئێکی لا یەنفك عێراقە... لەم خسوسەوە لە تەرەف هەر جەمعییەت و هەر فەردێکی عێراقەوە هەر تەشەبوسات و ئیقداماتێ واقیع بێ لە تەرەف جەمعییەت ئێمەوە نائیل موزاهەراتی موتلّەقە ئەبێ. 15 شوبات 1925. بەناوی جەمعییەت مودافەعەی وەتەنی سلێمانی. موعتەمەد ئەحمەد)) ؛

ئەم بەیاننامە دانپێنانێکی ڕاستەوخۆ و تەواوە، کە ئیتر لەوە بەدواوە کورد لە باشووری کوردستان تێدەکۆشێت بۆ ئەوەی ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر عێراق و کوردیش لەو ناوچانەدا بە کوردی عێراقی بناسرێت و بەشێکیش لە نیشتمانەکەیان بە کوردستانی عێراق یان بە شیمالی عێراق بناسرێت، ئەمەش لەگەڵ بڕیاری کۆمەڵەی گەلان لە 16ی کانوونی یەکەمی ساڵی 1925 ڕۆیشتە بواری جێبەجێکردنەوە.

## ئەنجام

لە کۆتاییدا گەیشتینە ئەم ئەنجامەنەی لای خوارەوە :

1- پێش دیاردەی عێراقچێتی، دیاردەی بەعەرەکردن و خۆبەعەرەبکردنی کورد لە بەڵگەنامە مێژووییە کۆنەکانی مێژوونووسانی کورد و عەرەب بەرچاودەکەوێت.

2- سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی لە بەغدا و باشووری کوردستانی ژێر دەسەلاّتی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی و حکومەتی عێراقدا ڕێگەخۆشکەربووە بۆ سەرهەڵدانی بیری عێراقچێتی لە ئەدەبی کوردیدا.

3- یەکەم هەوڵدان بۆ بەعێراقیکردنی کورد لە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)دا دەردەکەوێت بە بەستنەوەی دۆز و جوگرافیای باشووری کوردستان بە عەرەب و عێراقەوە.

4- دیاردەی عێراقچێتی لە باشووری کوردستاندا یەکەمجار لە ڕێگای وتارەکانی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)ی سلێمانییەوە سیماکانی دەرکەوتووە، بە شێوازی بەرگریکردن لە کوردستان و مافی سەربەخۆیی کورد یان لە شێوازی بەرگریکردن لە زمانی عەرەبیی ئیسلامی. لە ڕۆژنامەی (ئومێدی ئیستیقلال)ی شۆڕشی کوردیشدا بە شێوازی هەڵە لێکدانەوەی باری جوگرافی و ئابووریی کوردستان تاکو لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە)دا بە تەواوی تەشەنەیکرد و جێگیربوو.

5- دەستپێکی وتاربێژیی عێراقچێتی لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە)ی سلێمانیدا پاش داگیرکردنی ناوچەکە لە لایەن سوپای بەریتانی و عێراقییەوە سەریهەڵدا.

6- یەکەم ژیاننامەی کوردیی شای عێراق (فەیسەڵی یەکەم) لە گۆڤاری (دیاری کوردستان)ی بەغدادا نۆ مانگ پێش بڕیاری کۆمەڵەی گەلان بلاّوکراوەتەوە، کە دەچێتە بابەتی پڕۆپاگەندەی عێراقچێتییەوە.

7- یەکەم بانگەواز ڕاستەوخۆی عێراقچێتی لە بەیاننامەی (جەمعییەتی مودافەعەی وەتەنی سلێمانی) لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە)دا بلاّوکراوەتەوە.

## پەراوێزەکان

[i] - ڕێبوار سیوەیلی، قەفەسی ئاسنین، یان بۆ ببمەوە بە عێراقی؟!، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2003، لا30-31.

[ii] - هەر ئەو سەرچاوە، لا31.

[iii] - لفريق من شبان الكرد، الاكراد و العرب، مگبعه النجاح، بغداد، 1937.

[iv] - د.کامل حەسەن عەزیز بەسیر، وێژەی کوردی و ڕەخنەسازی، چاپخانەی (دار الجاحڤ)، بەغداد، 1990، لا151-152.

[v] - ڕۆژنامەی (ژیانەوە)، ژمارە 19، ساڵی 1، 3ی مارت 1925، ل2.

[vi] - ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان)، ژمارە 2، ساڵی 1، 22ی تشرینی دووەم، 1922، لا2-3.

[vii] - ڕۆژنامەی (ژیانەوە)، ژمارە 18، ساڵی 1، 26ی شوبات، 1925، لا4.

[viii] - ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان)، ژمارە 14-1، 28ی کانوونی دووەم، 1926، لا1.

[ix] - فاروق علی عمر، ڕۆژنامەگەریی کوردی لە عێراقدا -بەراییەکان 1914-1939، وەرگێڕان:تاریق کاریزی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2001، ل69.

[x] - ئەم گۆڤارە جەمالەدین بابان بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی لە بەغدا دەریکردووە، ژمارە (1)ی لە 7-1914/2/8ز دەرچووە. هەمووی بەسەریەکەوە (5)ژمارەی لێدەرچووە: د.ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، ئەدەبی ڕۆژنامەنوسیی کوردیی بەغدا 1970-1974قۆناغێکی نوێ، چاپخانەی ئیلاف، بەغدا، 2005، ل30.

[xi] - بەهەڵە لەسەر لاپەڕەی یەکەمی ساڵی 1917 نووسراوە.

[xii] - ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)، ژمارە 1، ساڵی 1، 1ی کانوونی دووەم، 1918، لا1.

[xiii] - د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، (تێگەیشتنی ڕاستی) و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، 1978، لا103.

[xiv] - ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)، ژمارە 13، ساڵی 1، 12ی شوبات، 1918، لا1-2.

[xv] - محسن گاهر قادر البرزنجي، حركه الشيخ محمود الحفيد في المصادر العراقيه 1914-1932، مگابع دار الشؤون الپقافيه العامه، بغداد، 2015، ص93-97.

[xvi] - د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، (تێگەیشتنی ڕاستی) و شوێنی لە ڕۆژنامەنوسیی کوردیدا، لا119

[xvii] - ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)، ژمارە 31، 3ی حوزەیران، 1918، لا1

[xviii] - هەر ئەو سەرچاوە.

[xix] - ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)، ژمارە 55، ساڵی 2، 12ی مەی، 1921، لا1

[xx] - هەر ئەو سەرچاوە.

[xxi] - هەر ئەو سەرچاوە.

[xxii] - هەر ئەو سەرچاوە.

[xxiii] - ئارشاك پۆلادیان، کورد لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا، وەرگێڕان: ئازاد عوبێد ساڵح، چاپخانەی سەلاحەدین، هەولێر، 2000، لا153.

[xxiv] - المسعودي، التنبيه والاشراف، بدون اسم المگبعه، بيروت، 1981، ص94.

[xxv] - ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی سیاسی ئابوورییە، بەریتانییەکان و دواتر (رزوق غنام) خاوەنی بوون و لە جێگای ڕۆژنامەی (العرب) دەردەچوو. ژمارە (1)ی لە 31ی مایسی 1920 لە بەغداد دەرچووە، خولی یەکەمی تاکو 23ی ئابی 1932 بەردەوامبووە. لە سەرەتاوە بۆ بەرژەوەندی بەریتانیا کاریکردووە، دواتر لەگەڵ پێکهێنانیدا بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتی عێراقی پادشایەتی کاری کردووە: زاهدە ابراهیم، کشاف الجرائد والمجلات العراقيه، مگبعه دار الحريه للگباعه، بغداد، 1976، ص125.

[xxvi] - هادی گعمه،الاحتلال البريگاني و الصحافه العراقيه 1914-1921، دار الحريه للگباعه، بغداد، 1984، ص359-369.

[xxvii] - ناونیشانی وتارەکان و ژمارە وبەرواری دەرچوونی ڕۆژنامەکان لە ڕێگەی وتاری ڕۆژنامە کوردییەکانەوە وەرگیراوە. ئەم زانیارییانە لە وتارێکی (شێخ نوری شێخ ساڵح)ەوە وەرگیراوە: ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)، ژمارە 91، ساڵی2، 19ی کانوونی دووەم، 1921، لا1.

[xxviii] - ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)، ژمارە 114، ساڵی 3، 29ی جون 1922، لا3.

[xxix] - زاهدە ابراهیم، کشاف الجرائد والمجلات العراقيه، لا32.

[xxx] - ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)، ژمارە 116، ساڵی3، 13ی جولای، 1922، لا2.

[xxxi] - ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)، ژمارە115، ساڵی3، 6ی جولای، 1922، لا3.

[xxxii] - محەمەد فاتیح، حزب و ڕێکخراوە سیاسیە عێراقییەکان 1910-2010، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، 2012، لا15.

[xxxiii] - محەمەد فاتیح، حزب و رێکخراوە سیاسیە عێراقییەکان 1910-2010، ل39.

[xxxiv] - ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان)، ژمارە 1، ساڵی1، 15ی تشرینی دووەم، 1922، ل1.

[xxxv] - ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان)، ژمارە 3، ساڵی1، 9ی کانوونی یەکەم، 1338، ل1.

[xxxvi] - ڕۆژنامەی (ئومێدی ئیستیقلال)، ژمارە 23، ساڵی 1، 24ی نیسان، 1340، ل4.

[xxxvii] - د.هیمداد حوسێن، ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی کوردی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2008، ل88.

[xxxviii] - ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)، ژمارە 54، ساڵی 2، 5ی مەی، 1921، ل1.

[xxxix] - ڕۆژنامەی (پیشکەوتن)، ژمارە 89، ساڵی 2، 5ی جەنیوەری، 1922، ل2-3.

[xl] - هەر ئەو سەرچاوە، ل3.

[xli] - هەر ئەو سەرچاوە.

[xlii] - ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)، ژمارە 90، ساڵی 2، 12ی جەنیوەری، 1922، ل1.

[xliii] - بروانە وەلامدانەوە و ڕەخنەی م.نوری: ڕۆژنامەی (پیشکەوتن)، ژمارە 91، ساڵی 2، 19ی جەنیوەری، 1922، ل1-2.

[xliv] - ڕۆژنامەی (ئومێدی ئیستیقلال)، ژمارە 3، ساڵی 1، 24ی تشرینی یەکەم، 1339، ل2.

[xlv] - تصنیف انهار کردستان، ویکیبیدیا، الموسوعە الحرە.

[xlvi] - ڕۆژنامەی (ئومێدی ئیستیقلال)، ژمارە 13، ساڵی 1، 13ی کانوونی یەکەم، 1339، ل4.

[xlvii] - هەر ئەو سەرچاوە.

[xlviii] - عەبدوللا زەنگەنە، ژیانەوە و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا 1924-1926، پێشەکی و پێداچوونەوەی د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2001، ل77.

[xlix] - ڕۆژنامەی (ژیانەوە)، ژمارە 15، ساڵی 1، 16ی شوبات، 1925، ل1.

[l] - ڕۆژنامەی (ژیانەوە)، ژمارە 17، ساڵی 1، 23ی شوبات، 1925، ل3.

[li] - هەر ئەو سەرچاوە.

[lii] - ڕۆژنامەی (ژیانەوە)، ژمارە 18، ساڵی 1، 28ی شوبات، 1925، ل2.

[liii] - هەر ئەو سەرچاوە، ل3.

[liv] - دیل کارنگی، هونەری وتاربێژی، وەرگێران:حسێن نەجمەدین، چاپی دووەم، خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، 2006، ل132.

[lv] - ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان)، ژمارە 14، 8ی حوزەیران، 1923، ل2.

[lvi] - ڕۆژنامەی (ژیانەوە)، ژمارە 16، ساڵی 1، 19ی شوبات، 1925، ل2.

[lvii] - ڕۆژنامەی (ژیانەوە)، ژمارە 20، ساڵی 1، 9ی مارت، 1925، ل3.

[lviii] - ڕۆژنامەی (ژیانەوە)، ژمارە 54، ساڵی 2، 24ی کانوونی یەکەم، 1925، ل4.

[lix] - هەڤاڵ ئەبو بەکر حسەین، چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسییەکان و ڕەگدانەوەیان لە (ژیان و ژین)دا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2007، ل93.

[lx] - ناونیشانی ژیاننامەکە (دۆزینەوەی ئەمەریقا)یە لەبارەی ژیان و بەسەرهاتی (کریستۆف کۆلۆمبۆس)ە کە نووسەرەکەی (تۆفیق فایەق)ە : ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)، ژمارە 34 و 35، ساڵی 1، 16 و 23 کانوونی یەکەم، 1920، 3 و 1.

[lxi] - نەوشیروان مستەفا ئەمین و سدیق ساڵح (لێکۆڵینەوە)، گۆڤاری دیاری کوردستان 1925-1926، ئامادەکردن:ڕەفیق ساڵح، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2001، ل8.

[lxii] - گۆڤاری (دیاری کوردستان)، ژمارە 1، ساڵی 1، 11ی مارت، 1925، ل1 وپاشاوە 19-20.

[lxiii] - ڕۆژنامەی (ژیان) لە ستایشکردنی هاتنی مەلیک فەیسەڵ بۆ سلێمانی ئەم شیعرە بلاوەکاتەوە:

ئەی پادشاهی کورد و عەرەب ، نەسلی موجتەبا

لەم هاتنە موبارەکە سەد دەفعە مەرحەبا...

کوردان موتیعی ئەمری جەلالەتمەئابتن

شادن بە بەزلی ڕۆح لە ڕێی ئالی موستەفا... - ڕۆژنامەی (ژیان)، ژمارە 288، 2ی تەمووز، 1931، ل1.

[lxiv] - گۆڤاری (دیاری کوردستان)، ژمارە 3، ساڵی 1، 23ی نیسان، 1925، ل 2-4.

[lxv] - گۆڤاری (دیاری کوردستان)، ژمارە 6، ساڵی 1، 29ی مایس، 1925، ل2.

[lxvi] - ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)، ژمارە 44، ساڵی 1، 2ی ئەیلول، 1918، ل1.

[lxvii] - ڕۆژنامەی (ژیانەوە)، ژمارە 15، ساڵی 1، 16ی شوبات، 1925، پاشکۆ.

## سەرچاوەکان

**أ - کتێب بە زمانی کوردی:**

1- ئارشاک پۆلادیان، کورد لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا، وەرگێران: ئازاد عوبێد ساڵح، چاپخانەی سەلاحەدین، هەولێر، 2000.

2- د.ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، ئەدەبی ڕۆژنامەنوسیی کوردیی بەغدا 1970-1974قۆناغێکی نوێ، چاپخانەی ئیلاف، بەغدا، 2005.

3- دیل کارنگی، هونەری وتاربێژی، وەرگێڕان:حسێن نەجمەدین، چاپی دووەم، خانەی چاپ و بلاّوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، 2006.

4- ڕێبوار سیوەیلی، قەفەسی ئاسنین، یان بۆ ببمەوە بە عێراقی؟!، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2003.

5- عەبدوللا زەنگەنە، ژیانەوە و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا 1924-1926، پێشەکی و پێداچوونەوەی د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2001.

6- فاروق علی عمر، ڕۆژنامەگەریی کوردی لە عێراقدا -بەراییەکان 1914-1939، وەرگێڕان:تاریق کارێزی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2001.

7- د.کامل حەسەن عەزیز بەسیر، وێژەی کوردی و ڕەخنەسازی، چاپخانەی (دار الجاحظ)، بەغداد، 1990.

8- د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، (تێگەیشتنی ڕاستی) و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، 1978.

9- محەمەد فاتیح، حزب و ڕێکخراوە سیاسیە عێراقییەکان 1910-2010، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، 2012.

10- هەڤاڵ ئەبو بەکر حسەین، چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسییەکان و ڕەگدانەوەیان لە (ژیان و ژین)دا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2007.

11- د.هیمداد حوسێن، ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی کوردی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2008.

12- نەوشیروان مستەفا ئەمین و سدیق ساڵح (لێکۆڵینەوە)، گۆڤاری دیاری کوردستان 1925-1926، ئامادەکردن:ڕەفیق ساڵح، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2001.

**ب- کتێب بە زمانی عەرەبی :**

13- لفريق من شبان الكرد، الاكراد و العرب، مگبعه النجاح، بغداد، 1937.

14- محسن گاهر قادر البرزنجی، حركه الشيخ محمود الحفيد في المصادر العراقيه 1914-1932، مگابع دار الشؤون الپقافيه العامه، بغداد، 2015.

15- المسعودی، التنبيه والاشراف، بدون اسم المگبعه، بيروت، 1981.

16- هادی گعمه،الاحتلال البريگانی و الصحافه العراقيه 1914-1921، دار الحريه للگباعه، بغداد، 1984.

**ج- ڕۆژنامە کوردییەکان :**

17- ئومێدی ئیستیقلال ژمارە : 3 / 13 / 23.

18- بانگی کوردستان ژمارە : 14 خولی دووەم - سلێمانی / 14- 1 خولی سێیەم- بەغدا

19- پێشکەوتن ژمارە : 34 / 35 / 54 / 55 / 89 / 90 / 91 / 114 / 115 / 116.

20- تێگەیشتنی ڕاستی ژمارە : 1 / 13 / 31 / 44.

21- ڕۆژی کوردستان ژمارە : 1 / 2 / 3 .

22- ژیانەوە ژمارە : 15 / 16 / 17 / 18 / 19 / 20 / 54.

23- ژیان ژمارە 288.

د- گۆڤارە کوردییەکان :

24- دیاری کوردستان ژمارە : 1 / 3 / 6.